کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
22:44 4-12-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بەخشینی کۆمەڵێک مافی نەتەوایەتی بە بێ بەرامبەر ... ئەحمەد پیرخدری**

ئێمەی کورد دان بە بوونی هەردوو نەتەوەی تورکمان و عەرەبدا دەنێین لەشاری کەرکوکدا، کەوابێ مافی نەتەوایەتی خۆیانە بە بەشداربوونیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا بە ڕێژەی قورسایی دانیشتووانی هەریەکە لەو نەتەوانە، بەڵام ڕاستیەکی واقعی هەیە لای ئەو دوو نەتەوەیە کە بەزۆرینەی بوونی ئەوان دان بەبوونی نەتەوەی کوردا نانێن لەکەرکووکداو، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کورد داگیرکەری شاری کەرکووکە و لە هەرچوارپارچەی کوردستانەوە کوردی دەسبەتاڵ هێناون بۆ بەکورد کردنی شاری کەرکوك، ئەوەی پۆستی کورد توانیویە تاکو ئێستاکە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکراوی شارەکە بەدەستی تیرۆرستان و کەسانی دژ بە ئازادیخوازی نەداوە، بەڵام وا ماوەی بریاردراوی جێبەجێکردنی مادەی 140 بەسەردەچێ و جێبەجێ ناکرێت و بە دەستووری دەبێ دەستوور دەستکاری بکرێت لەبارەی برگەی تایبەت بەو ماوەیەو دەبێ درێژ بکرێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو. لەم کاتە ناسکەدا لیستی برایەتی کە بوونی کورد تەنها لەو لیستە باڵا دەستەدایە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لە ڕۆژی 2 / 12 / 2007 دا بە نیازی گێڕانەوەی لیستی (کۆمەڵەی جەمهووری) چەندین تەنازلیان بۆکرا لە خاڵی نەتەوایەتی سەرەکیدا بەبێ ئەوەی تاکە خاڵێکی لەبەرژەوەندی کوردا بێت، وەلەم قۆناغە ناسکەدا ئەو بەخشەمەندیە کارێکی سلبی ئێجگار زۆری دەبێ بۆ مەسەلەی کوردستانیەتی کەرکوك، ئەوان دژ بە بوونی کوردن نەك تەنها کوردستانیەتی کەرکوك وا دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرا بێ ئەوەی ناچار بکرێن بەرامبەر بە دەگدانیان بە گێڕانەوەی کەرکوك بۆ دایەنخانەی کوردستانی خۆشەویست بە شێوەیەکی دیموکراسیانەو دەنگدانی جەماوەر نەك بە زۆرە ملێ. بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز زانیاری هەبێت لەسەر ئەو کۆمەڵە بەخشندەییە ی لیستی برایەتی بۆ لیستی تەجەموعی جەمهووری بفەرموون:

1ـ هەردوو پۆستی جێگری پارێزگارو جێگری ئەنجوومەنی پارێزگا بدرێتە ئەوان.
2ـ لەپاشاندا ڕێکبکەون لەسەر پایەو پلەکانی تر.
3ـ کێشەی گیراوەکانیان بو چارەسەربکرێت.
4ـ بەڕێوەبەرایەتیەکی سازمانی نیشتمانی دابمەزرێت (مەبەست کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئاسایش کوردو پۆلیسی ئێستایە) .
5ـ ڕاگرتن و لادانی تەجاوز (مەبەست لە ڕووخاندنی ئەو خانووانەیە کە کوردی ئاوارە بنیادیان ناوە بە بی مۆڵەتی دەوڵەت) .
6ـ دامەزراندنی دەستەیەکی سەرپەرشتیار بۆ بەدوواچوونی پرۆژەکاندا.

بیرو بۆ چوونی ئێمە وایە لەماوەی مانگێکدا ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبێتە تیغێك بۆسەربڕینی دەستکەوتەکانی کوردی کەرکوك و ئاوارەبوونێکی تر و شاربەدەرکردنی ئەو ئاوارانەی کە بە ساکارترین شێوە خانوو بەرەیان بنیادناوە لە کەرکوکداو، لەپاشاندا لیستی برایەتی بیردەکەنەوە چۆن ئەو ڕێکەوتنە هەڵبووەشێننەوە و دادوەریان دەگاتە لای ئەمریکییەکان و نیوەی دەسەڵاتی کوردو جەماوەری کورد لە کەرکووکدا لە کیس دەدرێت. هیوادارین لە پاش ئەم هەڵە زەقانە ئەندامانی کوردی پارێزگا خۆیان لەو بەرپرسیە مێژووییە دەرباز بکەن و ڕێگا چارەیەك بیبیننەوە بۆ دەرباز بوون لەو ئیمزاکردنەی وادیارە لە قووڵایی خەودا پێیانکراوە، لە گەڵ ڕێزی بێپایانم بۆ ئەو بەڕێزانە، ئەم بۆ چوونەم لەهەستی نەتەوایەتیەوە هەڵدەقووڵێت و بەزەییم بەباوکی خۆمدا دێتەوە تاکو جارێکی تر لە سنووری کەرکوك دەربەدەرنەکرێتەوە بۆ کۆمەڵگای (کەورگوسك) ی هەولێر لەگەڵ سەرجەم ئاوارەکانی تری دەستی ڕژێمی پێشوو، کەتاکو ئێستا نووسینکەی کەرکوکی مادەی 140 نەیتوانیوە قەرەبوویان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکاتەوەو زەویان نەکراوە تاکو تەجاوز نەکەن، لیژنەی مادەی 140 با بەخۆیاندا بچنەوە و بە شێوازی یاسایی کارەکانیان جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی هەرجارەو موعامەلەی ئەو ئاوارانە لە بەغدادەوە نەگێڕنەوە بە بانووی ناتەواوی کە ئەمجارە بە ئیمزای ئەندامانی کوردی پارێزگای کەرکوك لەوانەیە دووبارە ئاوارە بکرێنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.